# هەڵوێست

**ئا: کەشکۆڵ**

زۆر جارو لەزۆر شوێن و کاتدا چەندین کارو خزمەتی جوان کە لەڕۆژگاری خۆیدا بەجەرگی و متمانەیەکی گەورەی ویستوە بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەلاتی رەشی بەعسیەکاندا، بەلام ئەو کارو خزمەتانە لەکاتی پێویست و دواتر لەسەردەمی جادەی پاندا هەر بۆ یادگاریش باسێکی لێناکرێت تاکو خاوەنی خزمەتە کە هەست بەئاسودەیی و خزمەت بکات.

هونەرمەند عوسمانی وایەڕمەن یەکێکە لەو مرۆڤە بەهەلوێست و هونەرمەندە بەئەمەکانەی لای ئەو سنورە دەست کردانەی کوردستان کە دووژمن و داگیر کەران کێشاویانە هیچ ماناو مەغزایەکی نەبووەو هەرچی بۆی کراوە لەپێناوی گەشەپێدان و بەرەو پێش بردنی هونەری شۆڕشگێڕێتی و بەرزکردنەوەی گیانی بەرەنگاریی و ڕوو بەڕوو بوونەوە دریخی نەکردوە.

ئەوەتا بۆ خۆی دەڵێت ( سەرباری ئەوەی لەشۆڕشی ساڵی 1974دا بەشداریم کردوە، دواتریش لەسەر براکانم کەپێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بوون و بەئاشکرا هاوکاریم دەکردن، دووچاری گرتن و لێدان بوومەوە لەهەئیەی خاسەی کەرکوك، بەلام هەر کۆڵم نەداو لەساڵی 1984و 1985دا تۆمار کردنی کاسێتەکانی وەك چۆلەکە چلاو چڵو فەرەنجی پۆشی هونەرمەند نەجمەی غولامی لەماڵەکەی مندا تۆمارکرا بەماوەی (11) ڕۆژ کەهەر چرکەیەك چاوەڕوان بووم ڕژێمی بەعس بدات بەسەرمانداو خۆم و ماڵ و منالم ڕاپێچی زیندان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا من کورد بوون و هەڵوێست لەگیان و خوێنمدایەو لێی پەشێمان نیم، خاوەنی دوو برای شەهیدم و چەندین کەس و کاری نزیکم لەکیمیابارانی هەلەبجەدا شەهید بوون کە شانازییان پێوە دەکەم.

لەدوای ڕاپەرینی ساڵی (1991) بەخودی خۆم خزمەتی هونەرو گەلی خۆم دەکەم و لەو بوارەشدا چەندین بەرهەمی مەنە لۆجم بۆ مامۆستاو زانکۆو پەرلەمان و کێشە کۆمەلاتەیەکانی ناو کۆمەڵ و بۆ کیمیاران و ئاشتی و ڕاپرسی و جوتیاران و ڕابەران و زۆر کاری دیکەشم کردووە.

وەکو یارمەتیدانیش یارمەتی چەندین هونەرمەندی هەموو کوردستانم کردووە بێ جیاوازی ئەوەش تەنهاو تەنها بۆ ئەوە بووە، کەئەرکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی خۆم جێبەجێبکەم و منەتیش بەسەر کەسدا ناکەم، لەکۆتایدا بەو هیوایەم توانیبێتم هونەرێکم پێشکەش کردبێ و هەڵوێستێکم نواندبێ.



# بیگەیەنە



کوردایەتی و شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەم وڵاتەی ئێمەدا بۆتە بەشێك لەمێژووی نەتەوەییمان و گۆشەیەکی فراوانی لە کەلتوری گەلەکەمان داگیرکردووە. بزوتنەوەو و شۆڕش و سەرهەڵدان و راپەرین و بەرەنگاری، پاشان نوچدان و گلان و شکست و دیسانەوە هەڵسانەوەو تێهەڵچونەوە، بەرەنجامی داگیرکردن و ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی ئەم گەلەیەو لەیادەوەری هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵەی ئێمەدا جێگایی خۆی کردۆتەوە و بەشێکە لەو رابردووەی کە پێی دەوترێت چیرۆکی نەتەوەییمان.

ئەم رابردووە پریەتی لە داستان و قارەمانێتی بێوێنەو ڕووداوو گیانیفیدایی موعجیزە ئاسای وا کە بۆ نەوەکانی ئەمرۆ بڕوا پێ کردنی ئاسایی نی یە.

جابۆ پاراستنی ئەم کەلتورو مێژووە ئەفسانەییە، گرنگە هەموو ئەو پێشمەرگەو تێکۆشەرە بە ئەزموونانەی کەلەم قۆناغەدا لەگەڵدا بوون و ژیاون بیرەوەریەکانیان و یادەوەریەکانیان بنوسنەوە تا بزانرێت کە ئەمەی بەدەست هاتووە مێژوویەکی پڕ لەخەبات و تێکۆشان و خوێن رشتن و قوربانی هەیە.

**بیگەیەنە:** ئەم ووشە ساکارە ئەو کاتانەی کەرێچکەی کاروانی پێشمەرگە لە شەوە تاریك و سامناکەکاندا و بە نێوان مۆڵگاو کێڵگەی مین و بۆسەو تەلبەندەکانی دوژمندا تێدەپەری، بروسکە ئاساو بەچپە لەم پێشمەرگەوە بۆ ئەوی تر دەگەیەنراو ئەم بەوی دوای خۆی دەوت بیگەیەنە بێ دەنگبن، بیگەیەنە کەس جگەرەو لایت پێنەکا, بیگەیەنە کەس لەرێگا لانەدا، بیگەیەنە ریزەکە پچراوە، بیگەیەنە هەڤاڵ فلان بەجێماوە و پەکی کەوتووە، بیگەیەنە کۆمیتە، بیگەیەنە تاکو لەناو مۆڵگاو شوێنە خەتەرناکەکان تێ دەپەرین.. ئەم وشیە بۆ ئەوساو ئەو چرکە ساتانە تەتەرو بێ سیم و تەلەفون و مۆبایل و ئەنتەرنێت و زۆر شتی تربوو..

ئێستاش لەرۆژنامەی زمانحاڵی پێشمەرگە دێرینەکاندا ئەم وشەیە دەبێتە ناونیشانی ستونێك بۆ گەیاندنی باری ژیان و سکالاو کێشە مەینەتەکانی کورانی ئەو رۆژگارە سەختانەو دەنگیان. دەگەیەنێتە دەسەلات و دەزگا بەرپرسەکان تاکو بێ نازنەبن و لەبیرنەکرێن..

**راپەڕ عارف**

# فینکەباس

**هەردە**

*کە لە شاخ بووین لەناوزەنگ ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی لێ بوو، بەشان و بازووی پێشمەرگەکان هۆڵێکی گەورە دروستکرابوو بەناوی هۆڵی شەهید شیهاب، هەندێکجار کۆبونەوە، سیمینار، ئاهەنگ و بۆنەی تێدا سازو ئامادە دەکرا، لەهاورێیەکی خۆمم بیست کە گوایە جارێکیان هونەرمەندی ناوداری گەلەکەمان کاك (میدحەت کاکەیی) پێشانگایەکی گرافیکی لەو هۆڵەدا سازکردبوو پێشتر ئەو پێشمەرگەو بەرپرسانەی لەوناوە بوون سەرجەمیان ئاگادارکرابونەوە بۆ دیدەنی پێشانگاکە، گوایە لە کاتی کردنەوەیدا یەکێك لەو بەرپرسانە لەدوای تەواوبوونی دیدەنییەکەی رووودەکاتە کاکی هونەرمەندو دەڵێت:

–بەراستی کاك میدحەت تۆ هونەرمەندێکی گەورەو بەتوانایت، بەلام من هیچ سەر لەو خەتوخەتۆکانەی جەنابت دەرناکەم.

کاك میدحەتیش یەکسەر وەڵامی دەداتەوەو پێی دەڵێت :

–حەیاتم منیش زۆر موعجبم بە شۆڕشەکەتان، بەلام منیش هیچ سەرم لەم تەق و تۆقەی ئێوە دەرناچێت.

*مامۆستا شێرکۆ بە ئەسڵ ناوی (ئەمین)ە خەڵکی گوندی عەسکەر بوو لەکادێرە چالاکەکانی کۆمەڵە بۆی گێرامەوە کە گوایە جارێکیان لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆی کە ئەوانیش هەر پێشمەرگەبوون بەدەم حەسانەوە خەریکی قسەو موناقەشەی سیاسییەوە مەجلیسیان خۆش و گەرم کردبوو، کرۆکی بابەتەکە پتر لەسەر رەفتاری هاورێی کۆمەڵە دەبێت کە لەگەڵ جەماوەر چۆن بێت، لەگەرمەی ئەو باسەدا دەبن کورێکی گەنج لەناویاندا دەبێت زۆر بەحەماسەوە رووودەکاتە مامۆستا شێرکۆو پێی دەڵێت:

–ئەزانی مامۆستا تۆ هاورێی کۆمەڵە نەبوویت و ناشبیت؟!

– ئەویش دەڵێت: بۆ برادەری عەزیز هاورێیەکی باشی کۆمەڵە نیم؟

–گەنجەکەش دەڵێت: ئەگەر هاورێیەکی باش بویتایە شەهید دەبویت..

–مامۆستاش دەڵێت: ئێ چیبکەم فیشەکێکی سەگو سەگباب نەهات و خۆی نەدا بە کەللەسەری من و کون بەدەری نەکرد... ئای لەوە!.

# کۆستی مەرگی تەوارێك

کۆستی هونەر، کۆستی مەرگێکی زۆر گران
کۆستی خەمێکی ئاوارە، بێ ناسنامەو بێ نیشتمان

مەرگی تەوارێکی شاباز، مەرگی ژنێکی پێشمەرگە
کۆستی ژنێکی دەنگ زوڵاڵ، چەند ناوادەبوو ئەم مەرگە؟

کۆستی عەشق، مەرگی ئەوینێکی ڕاستگۆ بۆ کوردستان
مەرگی ژنێکی خەباتگێڕ، هۆگری بوون زەویی و ئاسمان

کۆستی چاوێك، کەهەمیشە نیشتمان گریەو شینی بوو
مەرگی دڵێك، کەسەر بەستی دوا خۆزگەو پێکەنینی بوو

ئاخ ئازیزان، ئاخ مەرگ چەند ناوادە دێ..؟
ئەم خەزانە چەندە بێباك، بەرۆکی خونچەو گوڵ دەگرێ؟



ئێستا منالانی هەتیوو، منالانی لانەوازو ڕووت و برسی
دوای مەرگی تۆ، ئایندەیان لێوان لێوە لەمەترسی

ئێستا نۆتەی ئاوازەکان، هەواڵی تۆ لەگۆڕستانێ دەپرسن
داگیرکەرانی کوردستان، لەسروودی دەنگی پێشمەرگەت دەترسن

تۆ دایکی، تۆ خەمخۆری کارەسات و ئەنفال و کیمیابارانی
سەبووری دایکی ماتەم و ئامێزی پڕ لاوانەوەی منالی شەهیدەکانی

تۆ، پێشمەرگەی شاخ و شاری تۆ خەباتی سەر بەخۆیی ڕەوامانی
دوای مەرگیشت بۆ ئایندە هەتوانی برین و ژانی خەمەکانی نیشتمانی

**پێشکەشە بەکۆچی ناوادەی پێشمەرگەی دێرین و هونەرمەند**
**خاتوو مەرزیەی فەریقی**
**ئەیلولی 2005**

**محەمەد پا**

## بۆ زاخاوی مێشك

**ئاسۆیی**

1.بەرزترین لوتکە شاخی قەندیل + ڕوومەت (پ )
2. یاری(پ) + ناوی قەڵایەکی کۆنە
3.ناوی کوڕە (پ) + پارانەوە(پ)
4.پاکردنەوە (پ) + بچووك
5.ناوی یاریزانێکی بەرازیلیە (پ) + ژمارەیەکە
6. بازنەیی + سەرخۆش + کورتکراوەی (درودی خوای لێ بێت)
7. ئامێرێکی فۆلکلۆری کوردیە کەسێك دەیژەنێ(پ)
8. تەل + ڕیش + چەکێکی شەڕکردنی کۆنە
9. روەکێکی بەهاریە + مێرد (پ ) + لە هەندێ ئامێری موسیقادا هەیە

**ستوونی**

1.شارێکە لە کوردستانی تورکیا + گومان
2.یاریەکی کوردەواریە (پ) + پچڕاندن
3.ئارامگا + دەنگی کۆتر)پ)
4.وڵاتێکە لە ئەفریقا (پ)
5.ئەژدیها
6.بەخوشکی مێرد ئەوترێ + دانەوێڵەی تێدا هەڵدەگیرێت
7.ناوی یەکێکە لە تیشکە گەردونیەکان (پ)+ کەتیرەیەکە لەکارگە دروست دەکرێت
8.نیوەی ووشەی دنیا + بزێو
9.بەشی دوەمی ناوی نوسەرێکی بەناوبانگی فرەنساویە (پ)
10.عەشرەتێکی بەناوبانگی کوردە + یەکێکە لە پەیژە موسیقیەکان
11.ئافرت + خاوەن (پ)

تێبینی: پ، پێچەوانە

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| X | | | | | X | | | | | |
| | X | | | | | X | | | | |
| | | | X | | | X | | | | |
| X | | | | | X | | | | | |
| | | X | | X | | | | | X | |
| | | X | | | | | X | X | | |
| | X | | | | | | | | | X |
| | | X | | | | | X | | | |
| X | | | X | | | X | | | | |

بەڕێوەبەری هونەری: مەریوان عەلی
کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت: هەردی ئەنوەر- تریفە محەمەد
دیزاین: عومەر حسێن
هاوکاران: رەهبەری سەید برایم-باپیر محەمەد-فریاد هیرانی-ئازاد سەراویی-هاوڕی بەکر-مامۆستا کاوە داسنی-فەرهاد مەلا حەسەن-ناریان محەمەد
E:mail-peshmargaydérin@yahoo.com
ناونیشان: سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری تازە- شەقامی شەست مەتری- دوکانە مۆرەکان
ژمارەی تەلەفۆن: 3184295 - 07701529093 - 07301112612